## پزیشک و فەناکردنی دەنگە شالورییەکان
## هاوارێک بۆ یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان

**دەوەن**

**دەینوسێت**




**( مەلە جوانەکەی سەر داری کانی**
**بۆچ دەنالێنی شەو تا بەیانی )   پیرەمێرد**



**ئێمەی کورد هەمیشە دژی دەنگ و هەستە جوانەکانی هونەر بوین بە گشت بەشەکانییەوە ، بڕوا ناکەم هیچ گەلێک هێندەی کورد بێ ئەمەک بووبێت لە بەرامبەر هونەر و هونەرمەندانی گەل و نەتەوەکەی ، زووربەی گەلانی دنیا شانازی بە هونەرمەندان و مرۆڤە دەنگخۆشەکانی خۆیان دەکەن ، بەڵام ئەوە ئێمەین لە دوای کۆچکردنی دەنگخۆش و هونەرمەندانی وەک ( مامۆستا قایەر دیلان و ولیەم یوحەنا و مامۆستا موجتەبا میرزادە و مامۆستا تایەر تۆفیق و شانۆکارانی ڕۆحزیندووی وەک ، مامۆستا عوسمان چێوار و ماجیدی حەمەجوان و شێخ حسێن قەرەداخی و دەیانی تر ) بێدەنگ و دەست بە ئەژنۆ کڕ کەووتوین و هەریەکەمان ووێڵین بە دوای بەرژەوەندیەکانی تاکە کەس و دەسەڵات و ئیدۆلۆژیای سینیزمی دەسەڵاتی کوردی لە باشوری کوردستاندا ، کاتێ مامۆستایەکی وەک ( هونەرمەند قایەر دیلان ) لە ووڵاتی غوربەت کۆچی دوای دەکات ، حیزب و**

دەسەڵاتی کورد ناخوازێ تەرمی ئەو پیاوە مەزن و موزیکزانە شادکاتەوە بە باوەشی دایکی نیشتیمان ، بەڵام ئەگەر کەسێکی نزیکی لێپرسراوانی دەسەڵاتی کورد لە وولاتی تاراوگە و غوربەت کۆچبکات ، هەرچی دراوی خەڵکی هەژارانی کوردستان هەیە سەرفی دەکەن بۆ هێنانەوەی تەرمەکەی ، گەرەکمە بڵێم لە سەرەتای دامەزراندنی تەلەفزیۆنی ( گەلی کوردستان و کورد سات ) ەوە ئەم کەناڵانە بەرنامەکانیان بە میلۆدیەکانی مامۆستای موزیکزانی کورد قایەر دیلان دەوڵەمەند دەکرد ، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە هیچ یەکێک لە لێپرسراوانی دەزگا ڕاگەیاندنییەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و سەرکردایەتی ، نەیانتوانی گیانی مامۆستا قایەر دیلان بە خاکی سەیوانستان شادبکەنەوە ، شەرمە بۆ کەناڵی ( کوردسات ) کە بێدەنگە لە بەرامبەر ئەم تراژیدیا گەورەیە ، لە ئێستاشدا جارێکی تر ڕۆح و دەنگی هونەرمەندی دەنگخۆشی گەلەکەمان هونەرمەند (شێرکۆ تالیب ) خەریکە بە دەستی پزیشکە نەزانەکانی سلێمانی لە کار دەکەوێت ، دەکرێ لێرەوە چیدی هونەرمەندان بە گشتی و سەرجەم هەوادارانی دەنگی کاکە شێرکۆ تالیب بێدەنگ نەبن ، تاکو بەهەر جۆرێک بووە بە زووی ڕەوانەی وولاتانی ڕۆژئاوای بکەن بۆ چارەسەرکردنی ، پێویستە یەکێتی هونەرمەندانی کوردستان ئەگەر خۆیان بە دڵسۆزو خەمخۆری هونەری کوردی دەزانن ، دەبێت کار بکەن لە پێناو خۆشگوزەرانی بۆ هونەرمەندانی کورد لە هەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا ئامادەگیان هەبێت ، داواکارم لێپرسراوانی کورد لە باشوری کوردستان بە فریای هونەرمەندی دەنگخۆش کاکە ( شێرکۆ تالیب ) بکەون بۆ چارسەرکردنی نەشتەرگەرییەکەی سۆزو خۆشەویستیم بۆ بنەماڵەی هونەرمەند و دەنگخۆش کاکە شێرکۆ تالیب.!